**فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی-فنلند**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES - Finland**

---

## خۆپیشاندانێکی سەرکەوتوو بۆ پشتگری لە نازەی ئاقای ئەنجامدرا !

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 8/ 9/ 2007خۆپیشاندانیکی فراوان لەئێستگەی قەتاری (کەپێلا)وە بەرەو زیندانی *(säilöönottokeskukseen) ئەنجامدرا کە زیاتر لە کە 180 کەس تیدا بەشداریکرد، کە ئەم خۆپیشاندانە لەلایەن ڕێکخراوەی جموجۆڵی ئازادی وفیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە فنلاند ڕێکخرا بەمەبەستی ریگرتن لە دیپۆرتکردنەوەی ( نازەی ئاقای و هەروەها نارەزایەتی دەبرین دژ بە زیندانی کردنی پەنابەران .

سەرەتا لەم خۆپیشانەدا چوار نوێنەر لەبەشی یەکەمی بەرنامەکەدا قسەوباسیانکرد کە بەم شێوەبوو ( Katja Tuominen سکرتیری ڕیکخراوی جولانەوەی ئازاد، Anni Sinnemäki ئەندام پەرلەمانی سەر بە لیستی حزبی سەوز، ڕێبوار عارف سکرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەفنلاند هەروەها ئەندامی پەرەلەمانی سەربە حزبی یەکیەتی چەپ Minna Sirnö پاشان چەندین پارچە مۆسیقا و گۆرانی پیشکەش کراو لەدریژەی بەرنامەکاندا چەندین کەسایەتی ناسراوی حزب و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی فنلاند چالاکانە بەشداریانکردو قسەوباسیانکرد، لەوانە Nazmi Basalak ئەندامی شارەوانی هێلسنکی، (ڕەزا کەمانگەر بەرپرسی تەشیلاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری حیکمەتست لە فنلاند ، Yrjö Hakanen سکرتیری حزبی کۆمۆنیستی فنلاند، Birgitta Kärkkäinen ئەندامی رابەری یەکیتەی ژنانی فنلاند، سکرتیری یەکیەتی لاوان و خۆیندکارانی حزبی سەوز ( Tapio Laakso هەروەها نووینەری کۆمەڵە جەعفر مستەفاسولتان، سکرتێری گشتی لاوانی چەپ Sampo Villanen . هەروەها وەزیری کۆچ لەپەیوەند بە مەسەلەی نازەی ئاقایەوە پەیامیکی نارد بۆ خۆپیشاندانەکەو دووپاتی

ئەوەی کردوە کە کەیسی نازەی ئاقای پیویستی بە چاوپیاخشاندنەوەهەیە.

هەروەها نازەی ئاقایی بۆخۆشی لەم خۆپیشاندانە بەشداری کردو چەند ووشەیەکی بەخیرهاتنی ئاراستەی بەشداربووانی خۆپیشاندانەکەکردو سوپاس وستایشی هەموو لایەکی کرد بۆ پشتگری کردنیان لە کیشەی پەنابەران وهاوپشتی کردنیان سەبارەت بە بریاری گەرانەوەی .... شایەنی باسە چەندین دەزگای راگەیاندن لە خۆپیشاندانەکەدا بەشداریان کردو راپۆرتیان لەبارەی خۆپیشاندانەکەوە دابین کردو هەروەها رادیو فنلاندن و رادیو هیلسنکی و بلاوکراوەی پشتگری ئاشتی چاوپیکەوتنیان لەگەل ریبوار عارف وئەنجامدا سەبارەت بە کیشەی دیپۆرتکردنەوەی نازەی ئاقای وکیشەی پەنابەران لە فنلاندا هەروەها بارودۆخی سیاسی عیراق و کوردستان ..... پاشان دەیان کەس لە خۆپیشان دەران چوونە نزیك دیواری تەلبەندی زیندانیەکەو لە نزیکەوە قسەوباسیان لەگەل پەنابەرانی زیندانیدا کردو هاوپشتی خۆیان دەربری .

* säilöönottokeskukseen بریتیە لە ناوەندی ڕاگرتنی پەنابەرانی زیندانکراو کە تائیستە زیاتر لە 40 پەنابەرو کۆچکردوی تیدایە کەزیندانکراون. شایەنی باسە کەبەشداربووانی ئەم خۆپیشاندانە بەلینیاندا کەدریژە بەچالاکیەکانی خۆیان بدەن بە مەبەستی هەلسپاردنی بڕیاری دیپۆرتی نازەی ئاقای بۆ ئیران وئازادکردنی پەنابەران لە زیندان وبەهرمەندن بوونیان لە مافی پەنابەری و مافی مانەوە لە فنلاندا !

**فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەفنلاند**

10 .9.2007

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفونەوە ( 0440464905**